مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# عناصر العمارة الإسلامية في بلدة أكري، المسجد الكبير كنموذج

**أبراهيم جمعه نبي**
Ibrahim.nabi@su.edu.krd
**قسم الآثار ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين -اربيل، كوردستان، العراق.**
**أ.م.د.ئاراس اسماعيل خضر**
Aras.khider@su.edu.krd
**قسم الآثار ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين -اربيل، كوردستان، العراق.**

**الكلمات المفتاحية**: عقره– الإسلام – المسجد – العمارة – كردستان

**كيفية اقتباس البحث**

نبي , أبراهيم جمعه , ئاراس اسماعيل خضر , عناصر العمارة الإسلامية في بلدة أكري، المسجد الكبير كنموذج ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# "Elements of Islamic architecture in the town of Akre , the Grand Mosque as an example"

**Ibrahim Jomma Nabi**
**Department of Archaeology, Faculty of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq.**
**ibrahim.nabi@su.edu.krd**

**Dr. Aras Ismail Khider**
**Aras.khider@su.edu.krd**
**Department of Archaeology, Faculty of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq.**

**Keywords** : Akre - Islam - Mosque - Construction - Kurdistan

**How To Cite This Article**
Nabi , Ibrahim Jomma ,Aras Ismail Khider , "Elements of Islamic architecture in the town of Akre , the Grand Mosque as an example" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
The period of the arrival of Islamic rule in Kurdistan (16-25 AH) is considered an important period in Kurdistan's history. During this historical period, Akre city has seen a prominent position, especially in terms of architectural monuments. The first mosque in Akre was built in 20 AH. It has not lost its architectural importance. It has been renovated several times in a new and contemporary form. Of course, this research as a scientific research is not without obstacles. The obstacles faced by the researcher in preparing the research are various, above all, the researcher did not have access to some documents and books on the history of construction. We used (Islamic Architecture of Akre city, (the Great

Mosque as an example) as the title of the study, in order to provide historical evidence of the construction of the mosque and its construction method. The sources used in the preparation of this research are various, including Kurdish and Arabic, usually include memoirs, university sources (master's and doctoral degrees), newspapers and magazines, interviews with elderly people who have rare and hidden information that is not mentioned in any book The sources of information that have provided important information for this research are: (Akre Drupalen Daruke da) by (Hikmet Malayasin), (Jamia Akri) by (Azad Mustafa), (Akri Tarikha - Scholars) by (Faiq Abu Zaid). It has provided information to the research and the researcher has benefited greatly from it. The research period only focuses on the arrival of Islam in Kurdistan in general and the town of Akre in particular during the period (18-20 AD), which is considered an important period in the archaeological history of Akre during the Islamic period.

**ملخص:**

تُعتبر فترة وصول الحكم الإسلامي إلى كردستان (١٦-٢٥ هـ) فترةً مهمةً في تاريخ كردستان. وخلال هذه الفترة التاريخية، حظيت مدينة عقرة بمكانةٍ بارزة، لا سيما من حيث المعالم المعمارية. بُني أول مسجد في عقرة عام ٢٠ هجرياً، ولم يفقد أهميته المعمارية، فقد جُدّد عدة مرات بشكلٍ جديد ومعاصر. وقد اتخذنا من مدينة عقرة، الجامع الكبير نموذجًا، عنوانًا للدراسة، وذلك لتقديم أدلة تاريخية على بناء المسجد وطريقة بنائه. بالطبع، لا يخلو هذا البحث العلمي من العقبات. تركز فترة البحث فقط على وصول الإسلام إلى كردستان بشكل عام ومدينة عكري بشكل خاص خلال الفترة (١٨-٢٠ م)، والتي تعتبر فترة مهمة في التاريخ الأثري لعكري خلال الفترة الإسلامية.فقد واجه الباحث عقباتٍ عديدة في إعداده، أبرزها عدم تمكّنه من الوصول إلى بعض الوثائق والكتب المتعلقة بتاريخ البناء. تتنوع المصادر المستخدمة في إعداد هذا البحث، وتشمل مصادر كردية وعربية، وتتضمن عادةً مذكرات شخصية، ومصادر جامعية (ماجستير ودكتوراه)، وصحفًا ومجلات، ومقابلات مع كبار السن ممن يملكون معلومات نادرة وخفية لم تُذكر في أي كتاب. ومن أهم مصادر المعلومات التي ساهمت في هذا البحث: (قطرات عكري في التاريخ) لحكمت مالاياسين، و(جامعة عكري) لأزاد مصطفى، و(تاريخ عكري - علماء) لفائق أبو زيد. وقد أفادت هذه المصادر البحث بشكل كبير، واستفاد منها الباحث استفادة عظيمة.

**ڕەگەزەکانی بیناسازی ئیسلام لە شاروچکەی ئاکری، مزگەوتی گەورە وەک نموونە**

**أبراهيم جمعه نبي**
Ibrahim.nabi@su.edu.krd
**بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق.**

**پ.ی.د.ئاراس اسماعیل خضر**
Aras.khider@su.edu.krd
**بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق.**

**پوختە:**

ماوەی ساڵانی هاتنی دەسەلاتی ئیسلام (١٦-٢٥ك) بو کوردستان بەقۆناغێکی گرنگ مێژووی کوردستان هەژمار دەکرێت، لە نێو ئەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا شاروچکەی ئاکرێ پێگەی دیارو بەرچاوی بەخویەوە بینیوە بەتایبەتی لەرووی شوێنەواری بیناسازی بەبەلگەی ئەوە باش هاتنی سوپای ئیسلام بو شاروچکەی ئاکرێ لە ساڵێ (١٨ك)، وەک لەمێژوودا باسکراوە بویەکەم جار بەدیاریکراوی لە ساڵێ (٢٠ك) یەکەمین مزگەوت نەک لەسەر ئاستی شاروچکەی ئاکرێ، بەلکو لەسەر ئاستی کوردستان و دەوروبەری هەژماردەکرێت، دروستکرا کەتا ئەمڕوو رەنگدانەوەو گرنگی خوی لەرووی بیناسازییەوە لەدەست نەداوە، چەند جارێک دووبارە بەشێوەیەکی نوێ و هاوچەرخانە لە فۆرمێکی کوندا نوژەنکراوەتەوە، ئێمەش لەم سونگەیەوە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە مێژووییە گرنگەی شاروچکەی ئاکرێ (رەگەزەکانی بیناسازی ئیسلام لە شاروچکەی ئاکری،مزگەوتی گەورە وەک نموونە)مان دانا وەک ناونیشانی توێژینەوەکە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بە بەڵگەیی مێژوویی دروستکردنی مزگەتەکە و شێوازی بیناسازییەکەی دەربخەین.

**کلیلی ووشە:** ئاکرێ- ئیسلام- مزگەوت- بیناسازی- کوردستان

## ١. پێشەکی

### ١. ١ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی لەوەدایە کە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی مێژووی تایبەت بەو ناونیشانەی ئاماژەمان پێکراوە نەنووسراوە، توێژەر لەپێناو دەرخستن و ڕوونکردنەوەی مێژووی هاتنی ئیسلام بوشاروچکەی ئاکرێ ورەنگدانەوەی لەسەر بیناسازی مزگەوتی گەورە، ئەم توێژینەوەی ئەنجام داوە.

### ١. ٢ ماوەی توێژینەوە:

چوارچێوەی ماوەی توێژینەوەکە تەنها تیشك دەخاتە سەر هاتنی ئیسلام بوکوردستان بەگشتی و شاروچکەی ئاکرێ بەتایبەتی لە ماوەی( ١٨- ٢٠گ)، کە بەقۆناغێکی گرنگی لە مێژووی شوێنەواری ئاکرێ لەسەردەمی ئیسلام دادەنرێت.

### ١. ٣ ئامانج و مەبەستی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی مێژوو و دروستکردنی مزگەوتی ئاکرێ و هلێکاری مزگەوتەکە.

### ١. ٤ ڕێباز (میتۆد)ی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی داوە پشت بەڕێبازی توێژینەوەی زانستی شوێنەواری ببەستێت کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و بەراوردی مەیدانی گرتووە، هەروەها سەرنج و ڕەخنە و بۆچوونی تایبەتی خۆی بەپێی پێویست خستوتەڕوو.

### ١. ٥ گرفتەکانی توێژینەوەکە:

هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە وەك توێژینەوەیەکی زانستی لە کۆسپ و ئاستەنگ بەدەرنەبووە، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توێژەر بۆتەوە هەمەجۆرن، لەسەرووی هەموویانەوە دەست نەگەیشتنی توێژەر لەهەندێك بەڵگەنامە و پەرتوکی تایبەت بە مێژووی دروستکردن،شێوازی ڕەسەنی بیناسازی مزگەوتەکە.

### ١. ٦ ناوەڕوک و پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم : بریتیە لەخستنەڕوویەکی خێرایی هەڵکەوتەی جوگرافیای ئاکرێ وباسکردنە لە مێژووی ئاکرێ لەقوناغە جیاوازەکانی مێژوو ئاکرێ. تەوەری دووەم:

تەرخانكراوە بۆ باسكردن لە بارەی (مێژووی دروستكردنی مزگەوتی گەورەی ئاكرێ )،تیایدا تیشک خراوەتە سەر هاتنی سوپای ئیسلام بوشاروچكەی ئاكرێ وچونیەتی دروستكردنی مزگەوتی گەورە. دواتریش باس لەبارەی (شێوازی بیناسازی وهێلكاری مزگەوتی ئاكرێ بەپێی قوناغەكانی مێژوو)خراوەتە بەرباس، تیایدا شێوازی هێلكاری مزگەوتەكە لەسەردەمی ئیسلام و ونوژەنكرنەوە مزگەوتەكە لەسەردەمانی دواتر و رەنگدانەوەی لەسەر هێلكاری مزگەوتەكە.


**١. ٧ سەرچاوەكانی توێژینەوەكە:**

ئەو سەرچاوانەی لە ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ بینراوە جۆراوجۆرن، لەوانە بەزمانی كوردی و عەرەبی، بەزۆریش بریتین لە پەرتووكی بیرەوەری، سەرچاوەی زانكۆی (نامە ماستەر و دكتۆرا)، رۆژنامە و گۆڤارە، چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسایەتیە بەتەمەنەكان كە زانیاری دەگمەن و شاراوەیان لایە كە لە هیچ پەرتوكێكدا باس نەكراوە، هەموو سەرچاوەكانیش لە لیستی سەرچاوەكان خراوەتەڕوو، ئەو سەرچاوانەی زانیاری گرنگی بەتوێژینەوەكە بەخشیوە بریتین لە: (ئاكرێ دروپەلێن دیروكێ دا) هی (حیكمەت مەلایاسین)ە، (جامیائاكری) نوسەرەكەی (ئازاد مستەفا)یە، (اكری تاريخها - علماؤها)هی (فایق ئەبو زەید)ە، ئەمانە چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری سەرچاوەی تری یاداشت و پەرتووك كە بۆ توێژینەوەكە بەنرخ بوون و زانیاری بەتوێژینەوەكە بەخشیووە و توێژەر كەڵكی زۆری لێوەرگرتووە.

**٢. هەڵومەرجی جوگرافی و مێژووی شارۆچكەی ئاكرێ**

**٢. ١ پێگەی جوگرافی**

شارۆچكەی ئاكرێ لە ڕووی جوگرافی یەوە، پێگەیەكی گرنگ و ستراتیجی هەیە، بەشارۆچكەیەكی كۆنی كوردستان لەسەر ئاستی عێراق و كوردستان هەژماردەكرێت (سیدو، ٢٠٠٠: ١٨٣)، خاڵی بەیەكەوە بەستنی بادینان و سۆرانە، بەدووری (٩٤ كم) دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ، لە باكووری ڕۆژئاوا قەزای ئامێدی یە، لە باشورەوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای حەمدانیەی سەر بە موسڵ، لە بەرەی ڕۆژهەڵات و باكوور هاوسنوورە لەگەڵ زێی گەورە (رەمەزان و عەزیز، ٢٠١٢: ٣)، هەروەها دەكەوێتە نێوان هێلی درێژی (٢٩، ٤٩ و ٥، ٤٣)، لە ڕۆژهەڵات و بازنەكانی پانی (٢٠، ٣٧ و ٣٦، ٣٦) لە باكوور (باقر و فؤاد، ١٩٦٦: ٥)، بەرزی لەڕووی ئاستی دەریاوە نزیكەی (٤٠٠)هەزار پێیە (سندی، ١٩٦١: ٥)، وە ڕووبەرەكەی نزیكەی (١٨٥٢)كم$^{2}$ دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، درێژ دەبێتەوە تا سنووری دەشتەكانی زێی گەورە و چیای شیرین، لە باشوورە لە بەشی خوارەوەی باشووری شارەكە بە چیای مەقلوب دەورە دراوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی زێری گەورە، هەروەها لە بەشی ڕۆژئاوا بەزێی خازر ئاراستەی سنووری جوگرافی بۆ كراوە (محمد، ٢٠١١: ٧)، تەنانەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی لیوای هەولێر هەیە (الگورانی، ٢٠٠٥: ٣). نەخشەی ژمارە (١).




نەخشەی ژمارە (١) یەکە کارگێرییەکانی شارۆچکەی ئاکرێ، پشت بەستن بە GIS(توێژەر)

شـارۆچکەکە بە زنجیـرەیەك چیـا دەوردراوە کە لەبەشـی بـاکوری رۆژئـاوا لە گونـدی باکورمان و گەلی ئیسماوا درێژ دەبێتەوە تا گەلی زنتا لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە کۆتایی دێت (عەبدوللا، ١٩٩٥: ٦٦)، بەم جۆرەش سروشـتی نـاوچەکە ٣٠% شـاخاوی و ٥٠% دەشتایی لەخۆ دەگرێت، وە خـاوەن کەش و هەوایەکـی سـازگارە لە زسـتان بەفروبـاران لـێ دەبارێت لە هاوینیش کەش و هەوایەکی مامناوەندی هەیە، تا ڕادەیەك پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە (گۆران، ٢٠٠٤: ٥٤). لەلایەکی ترەوە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە سەنتەرێکی ستراتیژی نێوان شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتانە کە دەکەوێـتە نێـوان هەر سـێ پارێزگـای (هەولێـر، موسـڵ، دهوك)، تەنـانەت هەردوو دەڤەری سۆران و بادینـان بەیەکەوە گرێـدەدات. ئیتـر بەم جـۆرەش شارۆچکەکە بەهۆی ئەم پێگە جوگرافیەوە ستراتیجەوە بەدرێژایـی سـەردەمە جیاوازەکـان جێـی بایەخ و چاوتێبڕینی بوو.

**٢. ٢ هەلومەرجی مێژووی**

شارۆچکەی ئاکرێ بەیەکێك لە دێرینیترین ناوچە ی مێژوویی پارێزگای دهۆك هەژمار دەکرێت، بەهۆی بوونی ژیانی مرۆڤەکان لە سەردەمانی زووەوە، کە مێژووەکەیان بۆ چەندین هەزار سـاڵ پـێش ئێسـتا دەگەڕێـتەوە (ڕۆژبەیـانی، ١٩٩٩: ٢٦٨؛ خضـر، ٢٠١٧: ١/ ٣٥)، بەهـۆی بـوونی چەنـدین پاشـماوەی شـوێنەواری وەکـو ئەشـکەوت و گۆرسـتانەکان و قەلاو بیناسـازیی ئاینییەکـان، وەك ئەشکەوتی (گونـدك) و قەلای شـۆش و قەلای ئـاکرێ کە ئەمـانە بەلـگەن لەسـەر بـوونی ژیـانی مرۆڤـایەتی لە نـاوچەکەدا (بـاقرو سفر، ١٩٦٦: ٤٣- ٤٤؛ ابـو الفیدا، ١٩٩٦: ٢٧٤). وە لەلایەن کەسـانی پسـپۆر لە بوارەکـانی شـوێنەواری و مێژوویدا لە توێژینەوەکانـدا ئامـاژە بەوە دەکەن کە مێـژووی ئەم شـارۆچکەیە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی (تەباشیری)_(عبدالکریم، ٢٠٠٨: ٢٧٣)، بەڵام زانیـارییەکی وا لەوبـارەیەوە نەخـراوەتەڕوو،

ئەوەی لەبارەی مێژووی ناوچەکە لەبەردەست دایە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایینی گرنگیەکی تایبەتی شارستانی بازرگانی و سیاسی هەبووە، بەوەی دەوڵەتی میدی (٦١٢- ٥٥٠ پ.ز) ناوچەکەیان لەژێر دەسەڵاتی ئاشوری دەرهێناوە(توڤی و بادی، ٢٠١٠: ١٢١) و میرێکی کورد بەناوی میر (زەند) چەندین کاری گرنگی کردووە لەڕووی بیناسازییەوە و گرنگی بەو ناوچەیە داوە، چەندین کاری بیناسازی و خزمەتگوزاری ئەنجامداوە لەوانە ڕاکێشانی ئاولە کانێیک کە بەکانی میر ناسراوە دەکەوێتە بناری شاخی باکوری قەلای ئاکرێ لەڕێگەی بۆری فخارییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت کەوا شاری ئاکرێ لە پێش سەردەمی میدی هەبووە، وە لەدوای هاتنی میدیەکانیش گرنگی زۆری بەشارەکە دراوە(العمری، ١٤٢٣هـ : ج٣، ٢٦٤؛ بەرزنجی، ٢٠٠٤: ٨). سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی (٥٣٢ پ.ز) جێگرێکی زەردەشت سەردانی ئاکرێ کردووە (توڤی و بادی، ٢٠١٠: ١٢١)، هەروەها لەسەردەمی دواتریش بەتایبەتی ڕۆمانیەکاندا ئەم شارە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوە، بۆیە لەسەردەمی ئیمپراتۆر تراجان (٩٨- ١١٧ز)) ئەم شارە داگیرکراوە(اکرەیی، ٢٠٠٨: ٢٣- ٢٤).

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی ناوی ئاکرێ لەسەرچاوە مێژووەکاندا ئاماژە پێکراوە و دوای ئەوەی سوپای موسڵمانەکان توانیان سەرکەوتنی گەورە یان بەدەست بێنن لە عێراق و شام خەلیفەی موسلمانەکان (عومەری کوڕی خەتاب) لە ساڵی (١٧ك/ ٦٣٨ز) ئاراستەی سوپای موسڵمانەکان بە سەرکردایەتی (عتبە کوڕی فرقد السلمی) ناردبۆ ناوچەی موسڵ، دواتریش بەرەو ناوچە کوردییەکان ڕۆیشتن بەتایبەتی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، سەرەتا هاتنە ناوچەی ئاکرێ و زێبار پاشان ناوچەی (عین سفنی) و باعدرێ، دواتریش بەرەو ناوچەکانی دهۆك و زاخۆ ناوچەکانیتر هەڵکشان((مستەفا، ٢٠٢٣: ١١٤؛ السيكاني، ٢٠٢٢: ١١؛ اکرەیی، ٢٠٠٨: ٣٠).

ئاکرێ و ناوچەکانی دەوروبەر بێبەش نەبوون لەو ڕووداوە سیاسیانەی کەوا ناوچەکە بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی لەسەردەمی لاوازی دەوڵەتی عەبباسی و لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوایە ناوخۆییەکان دەرکەوتن بەناوی ئەتابەکییەکان، ئەوەی گرنگە لێرەدا سەبارەت بە ئەتابەکییەکان ئەویش ئەتابەکی موصلە کە (عماد الدین زنگی ١١٢٧- ١١٤٥ز) دامەزرێنەری بووە، بەو پێیەی ئاکرێ سەر بەئەتابەگی موصل بووە(اکرەیی، ٢٠٠٨: ٢٦)، وە بەمردنی (عماد الدین زەنگی) دەرکەوتنی (صلاح الدین الايوبی) ئاکرێ جۆرە سەربەخۆییەکی بەدەستهێنا کە زۆر بەی بەڕێوەبەرەکانی حەمیدی بوون لە ساڵێ (٥٦٩ك/ ١١٧٣ز)، بەڵام لە دوای مردنی صلاح الدين الايوبی ناکۆکی کەوتە نێوان خەڵکی شارەکە، بۆیە ئاکرێ بێ بەش نەبووە لە ڕووداوەکان سیاسەکان بەڵکو بەردەوام تاوەکو دەرکەوتنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی میرنشینە کوردییەکان بەردەوام جێی ململانێی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بووە، دوای ئەوە ئاکرێ بووە بەشێك لە میرنشینی بادینان، تاکو هاتنی فەرمانڕەوای ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان، لەوکاتەوە بەدواوە لە چوارچێوەی پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو کات ئاکرێ وەکو ناوەندێکی گرنگ هەژماردەکرێت بۆ ناوچەکە بەتایبەت دوای هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوچەکە بەهۆی شوێنی ستراتیجی ئەو ناوچەیەوە، بۆیە دەبینین لەو فەترەیەوە دەوڵەتی عوسمانی گرنگییەکی زۆری پێداوە تەنانەت لەڕووی ناو و سنوری جوگرافیا... تاد گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، بەم شێوەش ژمارەیەك میر فەرمانڕەوایی لە قەلای ئاکرێ کردووە لەلایەن میرانی میرنشینی بادینانەوە کە ژمارەیان نزیکەی (٢٠) میر بووە(علی، ٢٠٢٣: ١١- ١٢)، بەمەش دەتوانین بڵێین ئاکرێ هەر لە کۆنەوە شوێنی ئاوەدانی و خاوەن شارستانیەت بووە، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنە شوێنەوارییەکان و کە ئەمانە گەواهیدەی ئەم ڕاستیەن، بەتایبەتی دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە دامەزراندنی قەوارەیەکی

نیمچە سەربەخۆ لەلایەن کوردەکانەوە بەناوی (میرنشینی حەمیدی)، کە دواتر بەحەمیدی مازنجانی فەرمانڕەوایی لەناوچەکە کردوە، بەتایبەتی لە قەلاکانی ئاکرێ و شوش، کە لەسەردەمی میرنشینی بادینان گرنگییەکی زۆر هەبووە بۆ میرنشینەکە بەتایبەتی لەدوای شاری ئامێدی کە پایتەختی میرنشینی بادینان بوو ئاکرێش بە پلەی دووەم دەهات لەڕوی کارگێری میرنشینەکە، هەرئەمەش هۆکارێك بوو کە میری سۆران هێرشی بکاتە سەر پێش ئامێدی، دواتریش دوای ڕووخانی میرنشینەکان و هاتنی عوسمانیەکان ئاکرێ دەبێتە بەشێك لەو کارگێرییە ناوەندییەی لەناوچەکە چەسپێنرا.

## ٣. بیناسازی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ

### ٣. ١ شوێن و ناوی مزگەوت

مزگەوتی گەوەری ئاکرێ کەوتۆتە ناوچەیەکی نشێو لە ماستەر پلانی شارۆچکەی ئاکرێ. لەلایەن دانیشتوانی شارۆچکەکە بە زیندووی ماوەتەوە، هەرلەسەرەتای درووستکردنی مزگەوتەکە ناوی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ یە. کە دەکەوێتە خواروی گەرەکی جوستەیە. ئەم گەرەکانە لە رووی شوێنەوارییەوە جێگای بایەخە. بۆیە زۆربەی کات ئەو ناوچەیە وەك تاکە رێبازی فێربوونی ئاینی بەکار هاتووە، بەهۆی ئەوەی لە ناوجەرگەی شارەکە بووە، ئەوەش وایکردووە کە وەك تاکە شوێنی زانستەکانی ئایین و قوتابخانەیەکی فەقێیەتی بەکار هاتووە. بروانە نەخشەی ژمارە(٢).





نەخشەی ژمارە(٢) مزگەوتی گەورەی ئاکرێ لەسەر GOOGLE MAP


بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستن وادیارە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ساڵی (٢٠ك/ ٦٤٠ز) لەلایەن (عبداللهی کوڕی عومەری کوڕێ خەبات) دروستکراوە(الامام، ٢٠٠٦: ١٧)، دوای دامەزراندنی یەکەم مزگەوت لە ئاکرێ وەك مەلبەندێکی گشتی بۆ ئەنجامدانی هەموو ڕێوڕەسمە ئاینییەکان لەوانەش خوێندنی وانە ئایینیەکان ڕۆڵی خۆی بینیوە لە قۆناغە جیاوازییەکانی مێژوودا((مستەفا، ٢٠٢٣: ٧٤؛ مەلا یاسین، ٢٠١٣: ١٠) تاکو هاتنی عوسمانیەکان، بۆیە زۆربەی زاناو و کەسایەتییەکانی ئەم ناوچەیە لە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ لە بواری فیرکردنی ئاینی کاریان کردووە، وەك مەلاو مامۆستاو موفتیەکان بۆ خۆ پێگەیاندن و ئالوگۆری زانستیان لەگەڵ یەکتر بکەن، هەروەك ئالوگۆری زانستی ئایین لەگەل هەولێر و زاناکانی مزگەوتی قەلای هەولێر کراوە. کە ناسراوە بە (مسجد الجامع القلعە) کە لەژێردەسەلاتی ئەتابەکیەکان(٥٦٣کۆچی-١١٦٧ز) (ابن الاثیر، ١٩٨٢: ٩/ ٢١٢) دواتر ئەم جۆرە میکانیزمە ئاینیە بەردەوام بوو تا هاتنی عوسمانیەکان کە بنەماڵەی مەلا ابی بکر أفندی (توفی١١٦٧هـ - ١٧٢٥م) ئالوگۆری زانستی ئاینی ئیسلام تێیدا پەیرەویان دەکرد و بەردەوام بوو(العزاوی، ٢٠٠٤: ٧/ ١١٦؛ حسین، ١٩٧٦: ٩٣)، هەر بۆیە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ پێش نوێژو وتاری هەینی لێی ئەنجامدراوە، کە مزگەوتێکە لە ناوەراستی شاردایەو کە مێژووەکەی بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەرێتەوە(الجلبی، ١٩٢٧: ٣٥٣؛

رؤوف ٢٠٠٨: ١١٣). بەلام ئەوەی شایانی باس کردنە مزگەوتی گەورەی ئاکری خزمەتی بە لایەنی رۆشنبیری فێربوون کردووە هەر لە دێر زەمانەوە، کەمێژوونوسان پشتراستکردنەوەی ئەم بابەتەیان کردووە، هەروەك گەریدەی کوردشوناس (طە کوری یحیی کوری ئەمیر کە ناسراوە بە سلێمانی بالیسانی ) لە ساڵی ١١٨٨ك- ١٧٧٤ز دوجار سەردانی شارۆچکەی ئاکرێی کردووە ئاماژەی بە بوونی مزگەوتی گەورەی ئاکری کردووە(امیر، ٢٠٠٦: ٢٣٦)، لەبارەی دان نان بە مزگەوتەکەیان لەسەردەمی حکومەتی عێراق و دواتر لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەوا دوای دروستکردنی حکومەتی عێراقیش ئەم مزگەوتە هەر باوەڕ پێکراو بوو تا ساڵێ ١٩٩١ کە پەرلەمانی کوردستان دامەزرا ئەوانیش باوەڕیان پێهێنا (دیدار: مەلا محمد: ٢٠٢٥/٩/١٠)، هەروەها ئەم مزگەوتە چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە لە ساڵێ ١٩٦١ز وەستایەکی کریستیان لە موسڵەوە هاتووە بۆ نۆژەنکردنەوە، جارێکی تر لە ساڵی (١٩٦٥ز) نۆژەنکراوەتەوە بە چاودێری وەزارەتی ئەوقافی عێراقی و هاوکاری خەڵکی ناوچەکە بوو (هونەر، ٢٠٢١: ٦٧- ٦٨).

**٣. ٢ هێلکاری مزگەوتەکە**

ئەم مزگەوتە ڕووبەرێکی گونجاوی هەیە، ڕووبەرەکەی (٣٠٠٠م$^{2}$) زیاترە، بۆیە لەڕووی شوێنەواری و کەلەپووریەوە گرنگی خۆی هەیە، کە چەندین تایبەتمەندی هەیە کە جیاوازن لەگەڵ مزگەوتەکانی دیکە، مزگەوتەکە لەسەرەتادا لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، بەڵام دواتر بەشێك لە مزگەوتەکە دەکرێتە نهۆمی سێیەم ئەویش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان بووە، بۆیە مزگەوتەکە فراوان کراوە، و درێژی و پانی مزگەوتەکە بریتی یە لە (١٠,٢٠ × ٤٢,١٤م × ٧١،٢٦م) ئەم مزگەوتە شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە لەسەر خاکێکی شێوە نارێک دروست کراوە، هەر لە درێر زەمانەوە دوو دەرگای سەرەکی هەبووە، یەکێکیان دەکەوێتە باشوور ئەوی تریان دەکەوێتە باکوور، سەبارەت بە دەرگای باشور ئەم دەرگایە شێوەیەکی ناوازەی هەیە(هونەر، ٢٠٢١ : ٦٦). هێلکاری ژمارە (١) و (٢).




هێلکاری (ژ ١) دەرگای بەشی باشوور        هێلکاری (ژ٢) دەرگای بەشی باکوور
مزگەوتی گەورەی ئاکرێ (هونەر، ٢٠٢١: ٦٨)

ئەم مزگەوتە دابەش دەبێت بۆسێ نهۆم لە نهۆمی یەکەم کە بەشی خوارەوەی مزگەوتەکەیە، ئەو نهۆمە دابەش دەبێت بۆ چەند یەکەیەك لە حەوش و بەشە خزمەتگوزارییەکان پێکهاتووە، بەڵام سەبارەت بەنهۆمی دووەم پێك دێت لە چەند یەکەیەکی بیناسازی چەندین راراوە دەڕوانێتە حەوشەکە لە نهۆمی خوارەوە بەشێك وەك قوتابخانەی ئاینیی بەکارهاتووە، ئەوەی جێگای سەرنجە نهۆمی سێیەمە وەك کۆگا و شوێنی خەوتنی فەقێیەکان بەکارهاتووە، کە چەندین یەکەی بیناسازی جۆراوجۆری لێ دروستکراوە، سەبارەت بە دەرگای فەقێیەکان دەکەوێتە بەشی بازارە کۆنەکەی ئاکرێ کە ناسراوە بە بازاڕی قەیسەری

ئاکرێ کە دەروانێتە بەشی خوارەوەی نهۆمی یەکەم لە بەشی باشووری مزگەوتەکە(هونەر، ٢٠٢١ : ٦٧- ٦٨). وە لە ناوەڕاستی مزگەوتەکە نافورەیەك هەیە کە بەسەوززایی دەورە دراوە، هاوکات چەندین گولی جوان لە حەوشەی مزگەوتەکەدا دەبیندرێت، هەروەها کانیەك لە ناو مزگەوتەکەدا هەیە لەگەڵ دروستکردنی ئەم مزگەوتە ئەم کانیە بە ناو مزگەوتەکەدا هاتووە، بەڵام بەر لە ٥٠٠ ساڵ ئەم کانیە کراوە، بە شێوازی بۆری و ئێستاش ئەم کانیە بوونی هەیە و ئاوێکی سازگاری هەیە لەسەرەوەش منارەیەکی بەرزو گومەزەیەکی گەورەی هەیە کە لە هەر چوار لاوە بە جوانی دەبیندرێت لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ئەگەر کەسێك دابمەزرایە دەبوو فەرمانی سوڵتانی هەبێ و مووچە و شایستیەکانی لە ئێستامبۆلەوە پێدەدرا ئێستاش هەندێك لە فرمانەکانی ماون لەم مزگەوتەدا چەندین مەلا و زانای وڵاتان پێگەیشتوون و ئێستا خزمەتی ئایینی ئیسلام دەکەن (دیدار: مەلا محمد: ٢٠٢٥/٩/١٠). هەرچی حەوشی مزگەوتەکەشە ئەوا بە ڕارەوی شێوە لاکێشەیی دەورە دراوە بەلام بەپێی تێپەر بوونی کات و هاتنی چەندین دەسەڵات یەک لەدوای یەک کاری نوژەنکردنەوەو فراوانی تێدا ئەنجامدراوە(دليل الجوامع والمساجد التراثيه والأثرية، ١٩٦٥: ٣٠٢) تەنانەت لە پێشتر پێش ئەوەی نۆژەن بکرێتەوە حەوشی مزگەوتەکە دارو درەختی زۆری تێدا روێندراوە، بەتایبەتی داری پرتەقال و نارنج و سنوبەر، وێنەی ژمارە (١).




وێنەی ژمارە (١) حەوشەی مزگەوتەکە

**٣. ٢. ١ نهۆمی یەکەم**

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم نهۆمە تایبەتە بە نوێژکردن، کە دابەشی سەر بەشەکانی باشورو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات کراون، شوێنی نوێژکردنی باشوور کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە لە گەل محرابێك بەپێوانەی (١,٢٠ × ٢،٤٥م)، و بەقولای (٠,٧٠) وێنەی ژمارە (٢) لەگەل شەش کۆلەگەی لە کۆنکریت دروستکراو، چوار لە کۆلەگەکان دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی گومەزەکە، دوانەکەی تریان دەکەوێتە لای ڕۆژئاوایی شوێنی نوێژ خوێندنەوە، تەنانەت ئەو شوێنی نوێژخوێندنە ٨ پەنجەرە و کەوانی شیوە نوک تیژ تێدایە کە دەروانێتە سەر حەوشەی مزگەوتەکە بەرەو دیواری ئاراستە کراوی باکوور ، وەهەروەها لەسەر ئەو

لادیوارەی کەدەکەوێتە حەوشەکە ٢ دەرگای تر هەیە بۆ چونەژوورەوەی شوێنی نوێژ کردن، سەبارەت بە گومەزەکەی چەسپێندراوە لە سەر ٤ کۆڵگە کۆنکریتیەکە کە ناسراوەی بە گومەزی سەرەکی مزگەوتی گەورەی ئاکرێکە بەرزییەکەی نزیکەی(٣٣م)ە شێوەیەکی بازنەی هەیە لە بنکەکەیدا، هەروەها شێوەیەکی شەش لا هەیە لە رووی دروستکردنیەوە، تێکرایی پێوانەو دووریەکانی ئەو گومەزە کە لە چەند چینێکی بیناسازی پێکدێت، کە سەرەکیترین بەشی بریتە لە بنەکەی گومەزەکە کە پێوانەی بەرزی و پانی بریتیە لە (١٧,٢٤×٣,٢٠ م)، کە لەبەشی سەرەوە دەبێتە گومەزیەکی شێوە (المدبب)، کە ئەمەش بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئەندازەی بیناکاری گومەزی مزگەوت هەژمار دەکرێت. دواتر ئەم چینە ئەندازەییە دەگوازرێتەوە بۆ بەشێکی تر کە ئەویش بە بنکەی دووەم گومەزەکە دەناسرێت کە پێوانەکەی بریتیە لە (١١,٤٠ ×١١,٨٠م) هەردوو بنکەکانی گومەزەکە بەشێوەیەکی پتەوە رێك بونیاتنراون، هەر ئەوەش وایکردووە کە ئەو گومەزە گەورەیە بتوانرێت لەسەر ئەم دووچینە بنکەیە دروست بکرێت. سەرەرای ئەوەی دیواری گومەزەکە راستەخۆ دەکەوێتە سەر بنەکەی دووەمی گومەزەکە کە بە چەندین شێوازی ئەندازەی لەسەر شێوەی شەش لا و پەرواز و (شرفات)دروست کرواە، کە پەروازی شێوە تامانی(السیاج) یان بۆ دروست کراوە، دواتر ئەو بەشە دەبێتە یەکەیەکی ئەندازەی بۆ پێکهاتە بیناکاری گومەزەکە کە قەبارەیەکی بازنەی هەیە، کە لە دیوارو بنکە گومەزەکەیە دەست پێدەکات. بۆئەوەی ئەندازەی بیناکاری ببەخشێتە گومەزەکە بە یەکەیەکی بیناسازی پێکبەستە بناسرێتەوە، کە هەموو ساتێك گۆرانی ئەندازەی بەسەر بنکەکە شەش لاکە داهاتووە، بۆ گومەزیەکی نیوە مدبب پێویستی بە چەند یەکەیەکی بیناکاری تۆخمی بیناسازی هەیە کە پێ دەوترێت گۆشەی گوازراوەی (الحنایا الرکنیە)، سەرەای ئەوەی دیواری بنکەی گومەزەکە بە (٨دانە) پەنجەرەی شێوە لاکێشەیی و بەشی سەرەوەی پەنجەرەکان بە کەوانی شێوە نوك تیژ یان سێگۆشەیی نەخشێنراوە، لە چینی سەرەوەی ئەو بنکەی گومەزەکە و پەنجەرەکان پەروازێکی شێوە بازنەی کە وەك شورفەیەکی(پەروازێکی) شێوە شەش لای ئەندازەی دەردەکەوێت، زیاتر ئەم جۆرە بیناکاری دیواری دەروەی گومەزەك بۆ جونکاری و پتەوەی بەشەکانی گومەزەکەیە.



وێنەی ژمارە (٢) میحراب

هەرچی شوێنی نوێژکردنی دووەمیشە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوایی مزگەوتەکە. بەشێوەی لاکێشەی کە بە ١٢ کۆڵەگەی بنمیچی تەختی سنوردارکراوە، واتە شوێنی نوێژکردنەکە، لەبەشی رۆژهەڵاتی ئەوبەشەدا ٣ پەنجەرە ورارەوێک کە بە شێوەی کەوانەی نوك تیژ دەروانە حەوشەی مزگەوتەکە ژمارەیان ٦ دانەیە، لەدیواری لای رۆژئاوی ئەم بەشە ٦ پەنجەرە تێدایە کە دەروانە بەشی دەرەوەی مزگەوتەکە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەو پانتاییە بەشەی رۆژئاوا بە دەرگایەکی دوولایی دەبەسترێتەوە بەبەشی شوێنی نوێژخوێندنی بەشی باشوور کە بەشە سەرەکیەکەی مزگەوتەکەیە.

بەشی سێیەمی نوێژکردن دەکەوێتە لای رۆژهەت هەمان بنەمای ئەندازەیی هەیە کە یەکتا پەرستی لێ ئەنجامدراوە، بەلام بەشێوەیەکی جیاواز تر کە محرابی تێدانیە.

**٣. ٢. ٢ نهۆمی دووەم**

ئەوەی شایانی باسکردنەوە ئەم نهۆمە شێوەیەکی لاکێشەیی و توخمە بیناکارییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەلام بەپێی زۆری هۆلەکانی خوێندن و کردنەوەی چەندان یەکەی بیناسازی لەنهۆمی دووەمی مزگەوتەکە، کە وەك شوێنی حوانەی فەقێیەکان بەکارهاتووە، وا مەزندە دەکرێت هەر لەکۆنەوە ئەو بەشە بۆ مەبەستی پەروەردەو فێرکردنی زانستە ئیسلامیەکان بووە،تەنانەت لە ئاکرێ دوو قوتابخانەی ئاینی هەبووە یەکێکیان لە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ئەوەی تریان لە ناحیە بجیل بووە(الدیوەچی، ١٩٦٤: ٢١-٢٣)، کە ژمارەی قوتابیەکانی قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ١٣٠ قوتابی بووە، وە ژمارە قوتابیانی قوتابخانەی ناحیە بجێل ژمارەیان ٩٠ قوتابی بووە(اکرەیی، ٢٠٠٨: ١٣٥)، هەروەکو لە ئێستا هەمان میکانیزمی سەدەکانی رابردوو خوێندن و زانستە ئاینیەکانی تێدا پەیرەو دەکرێت، بەلام ئەم مزگەوتە بەشێوەیەکی سەردەمیانە نوێکراوەتەوە، کە ئەوەش لەگەل یاسا و بنەماکانی نۆژەنرکردنەوەی شوێنەوارەکان ناگونجێت، بە هۆکاری ئەوەی شوناس و توخمە بیناسازیە کۆنەکانی مزگەوتەکە دوچاری لە ناوچوون هاتوون. لێرەدا گرنگیدان بە بابەتە نوێکارییەکانی مزگەوتە کە بەشێوە نازانستیانەرەسەنایەتی خووی لە دەست داوە، بەلام بەپێی توخم و یەکە بیناکارییەکان چەندین پاشماوەی ئەندازەی بیناسازی نهۆمی خوارەوە دووبارە دەبێتەوە، لەبەر هەر جۆرە رەهەندی و نەش و نمای نۆژەکردنەوەی مزگەوتەکە بێت یان رێگەدانی لایەنی پەیوەندار.

**٣. ٢. ٣ نهۆمی سێیەم:**

سەرەتایی دەستپێکردنی کارکردن لە نهۆمی سێیەم مزگەوتی گەوەی ئاکرێ کە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی(١٩٦٥م ) و رووبەری مزگەوتەکە زۆر گەورە بوو بۆیەی بیرۆکەی زیادکردنیان بۆ فەراهەم بوو لەسەر پانتایی (٣٠٠٠م٢) مزگەوتەکە، ئەو زیادەی کە لە نهۆمی سێەم کراوە بۆ مەبەستی حەوانەی فەقێیەکان بووە، کە دوای ئەوەی لە قوتابخانە ئاینی مزگەوتەکە کاری خوێندنیان تەواو بوو، نهۆمی سێیەمیان وەك نشینگەی خۆیان بەکاردەهێنا تا تەواو بوونی قۆناغەکانی زانستە ئاینیەکان، هەر ئەوەش وایکردووە بەشێك لە بیناکاری خزمەتگوزاری نهۆمی سێیەم زیاد بکرێت، وەك ئاو دەست و شوێنی دەست نوێژ هەڵگرتن و هۆڵێکی ناوازە بۆ شوێنی مامۆستا ئاینیەکان، وەهەروەها لەو مزگەوتەکە (٦) ستونی هەیە لەلای باکوور، وەهەروەها(٥) ستونی لەلای بەشی رۆژهەڵات،کە تەواوی ستونەکان بە عەقدێکی شێوەنوک تیژ (مدبب) داپۆشراون، کە وەك نمایشێکیی پتەوی بیناسازی بەکارهاتووە، سەرەرای ئەوەی جوانکاریەکی ناوازەی بەخشیوەتە تەواوی بیناکاری مزگەوتەکە، وەهەروەها دوو رارەوی شێوە لاکێشەیی هەیە، کە دەروانێتە سەر حەوشی مزگەوتەکە، تەنانەت لە

ڕاڕەوەکان دا چەند کەوانێکی شێوە نوک تیژ(عقد مدبب) نوساوە بەدیواری ژوورەکانی حەوانەی فەقێیەکان کە ژمارەیان ٤ دانەیە لە هەردوو بەشی باکورو ڕۆژهەڵات مزگەوتەکە.

**٤. ئەنجام و پێشنیارەکان**

**٤. ١ ئەنجام**

کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ هەڵهێنجانی گرنگترین بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی مزگەوتی ئاکری وشێوازی بیناسازی مزگەوتی ئاکرێ، هەوڵمانداوە بەپشت بەستن بە سەرچاوەکان دەرئەنجامی ناوەڕۆکی ناونیشانی توێژینەوەکەمان لەم خالانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- ئاکرێ لەڕووی هەلگەوتەی جوگرافیا پێگەیەکی گرنگ لەخوی دەگرێت، بەدرێژایی مێژوو بایەخێکی تایبەت هەبووە،بەتایبەتی لەسەردەمی ئیسلام.
- مێژووی ئاکرێ بەگشتی و زانستی شوێنەواری بەتایبەتی دەرخەری ئەوراستییەن کە لەپێش ئیسلام ئاکرێ مەلبەندێکی گرنگی پێکهاتە جیاوازەکانی ئاینی و مرویی بووە، دەیان نەوەی پێشوو لە نێو مێژووی ئاکرێ تومارکراون.
- مزگەوتی گەورەی ئاکرێ وەک یەکەم مزگەوت هەژماردەکرێت لەسەردەمی ئیسلام بو کوردستان وناوچەکەبەگشتی.
- شێوازی بیناسازی وهێلکاری مزگەوتی گەورەی ئاکرێ بەشێوازێک دروستکراوە بویتە سەرمەشق بو زورێک لەمزگەوتەکانی تری ناوچەکە لەسەردەمی ئەمڕوو.
- لەئەنجامی دووبارە نوژەنکردنەوەو بەرفراوانکردنی مزگەوتەکە ڕەنگدانەوەی خرابی لەسەر ڕەسەنایەتی هێلکاری مزگەوتەکە دەستکاری کراوە.
- بومان بەدیاردەکەوێت مزگەوتی ئاکرێ تەنها شوێنی خوداپەرستن نیە بەلکو ناوەندێکی گرنگی ڕوشنبیرییە کەتاوەکو ئەمڕوو پێگە وگرنگی خوی لەدەست نەداوە.
- مێژووی دروستکرنی مزگەوتەکە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەکانی راشدین بە تایبەتی خەلیفەی موسلمانان عومەری کوری خەتاب (ر.خ).

**٤. ٢ پێشنیار**

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەپێویست دەزانین چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك بخەینەڕوو:

- نووسینەوەی توێژینەوەی زانستی نوێ لەسەر مێژووی شوێنەوارەکانی کوردستان لەلایەن کەسانی پسپۆر و ناوەندە ئەکادیمییەکان،بەپشت بەستن بەنووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان کە لە خانەی بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق و وڵاتانی هەرێمی پارێزراون و لە پێناو ڕوونکردنەو خستنەڕووی بەشێك لەوزانیارییانەی کە تاوەکو ئێستا نەخراونەتەڕوو.
- ئەرکێکی نەتەوەیی و پێویستیەکی هەنوکەیی نیشتمانی یە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی نیشتمانی تایبەت بە مێژوو و نوسراوە شوێنەوارییەکانی کوردستان، بکاتەوە کە ئەمانە بەلگەی زیندوون لە سەرپاراستنی شوناسی نیشتمانی ونەتەوەیی کوردستان.
- ڕاهێنانی دەرچوانی بەشی شوێنەوار لە لایەن تیمە پسپوریەکانی ناوخو ودەرەوە، ڕەخساندنی دەرفەتی کار وگەران وپشکنینی شوێنەواری لەلایەن تیمە خوماڵییەکان،بەمە

دەرفەتێکی باش بۆ پارێزگاری کردن لە شوێنەوارەکانی کوردستان مسۆگەر دەکات،چونکە بە پشت بەستن بەتیمەکانی بێگانە لەڕوانگەی خوێندنەوەی مێژووی سەدەکانی رابڕدوو، بەبیانووی گەران وپشکنین شوێنەواری کوردستان ئەوان ڕولی سیخورییان گێراوە.

**٥. ژێدەرەکان:**


**یەکەم: بەڵگەنامە**

- دليل الجوامع والمساجد التراثيه والأثريه (١٩٦٥م)، ديوان الوقف السنى من العراق، بأشراف من وزاره الأوقاف العراقيه.

**دووەم: نامە بڵاونەکراوەکان و دیدارەکان**

- السيكاني، محمد ناجي إسماعيل (٢٠٢٢م)، المباني التراثية المختارة في قضاء عقرة، ريسالة ماجستير (غيره منشوره)، كلية الآثار، جامعه الموصل، الموصل.
- الامام، عبدالله احمد محمد (٢٠٠٦م)، قواعد السلم الدولي في المنظورة الاسلامي، ريسالة ماجستير (غيرمنشوره)، جامعه الامام الاوزاعي، بيروت.
- سلێمان، هونەر موراد (٢٠٢١ز)، ستراتیجی پارێزگاریکردن لە ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان لە هەرێمی کوردستان شارۆچکەی ئاکرێ بەنموونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
- علی، شڤان ئیسلام علی (٢٠٢٣ز(، ئاکرێ لەسەردەمی عوسمانیدا ساڵێ ١٨٤٢-١٩١٨، نامەی ماستەر (بڵاونەکراو)، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- الگۆرانی : سمير محو (٢٠٠٥م)، اعداد نظام معلومات GIS للاستعمال التجارى فى مدينة عقرة، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة الموصل، الموصل.
- مەلا محمد، پیشە: مامۆستا و پێشنوێژ و ونارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ یە لە ساڵی ١٩٥١ لە ئاکرێ لە دایك بووە، بەرواى سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٩/١٠.
- محمد، ساکار کەمال (٢٠١١)، توانستە جوگرافیەکانی پەرەپێدانی چاڵاکی کشتوکاڵ لە قەزای ئاکرێ، ماستەرنامە (بڵاونەکراو)، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

سێیەم: گەشتنامە

- باقر، طه و سفر، فؤاد (١٩٦٦م)، المرشد الى مواطن الاثار والحظارة، رحلة الثالثة، بغداد، ١٩٩٦م.
- امير، طه يحيى (٢٠٠٦م)، رحله طه الكردى الباليسانى فى العراق وبلاد الشام والأناضول ومصر والحجاز، ط٣، دار موكريانى، أربيل

**چوارەم: پەرتووکەکان**

- تۆڤی، مصدق و بادی، ئیسماعیل (٢٠١٠ز)، رێبەری پارێزگای دهۆکێ، چ١، اربیل.

- بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی (٢٠٠٤ز)، سەرجەم بەرهەمی شاکر فەتاح، کتێبی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوەڕەحمانی حاجی مەحموود، هەولێر.
- رەمەزان، جەوهەر علی و عزیز، کمال (٢٠١٢ز)، ئاکرێ دپرۆژەیا وەبەرهێنانێ دا، چ١، چاپخانا رۆژهەلات، هەولێر.
- گۆران، خسرۆ (٢٠٠٤ز)، کورد لە پارێزگای موسڵ، چ١، هەولێر.
- گورانی، علی سیدو (٢٠٠٠ز)، لە عەمانەوە بۆ ئامێدی گەشتێك بە کوردستانی باشووردا، و: تالیب بەرزنجی، چ١، سلێمانی،
- ابن الاثير، المبارك بن محمد ابن الاثير الجزری (١٩٨٢م)، الكامل فی التاريخ، جلد (٨)، بيروت.
- ابو الفداء، اسماعيل بن علی (٢٠٠٧م)، تقويم البلدان، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.
- العمري، شهاب الدين (١٤٢٣هـ)، مسالك.الابصار فی ممالك الامصار، ط١، ج٣، المجمع الثقافي, ابوظبي.
- الجلبی، دواود (١٩٢٧م)، كتاب مخطوطات الموصل، ط١، مطبعة فرات، بغداد.
- اكرەيی، جمبد شكری بابكر (٢٠٠٨م)، ئاكرێ (عقرة ) فی عهد المماليك، ط١، مطبعة حاجی هاشم، اربيل.
- حسين، محسن محمد (١٩٧٦م)، أربيل فی العهد الاتابكی، ط١، مطبعه الاسعد، بغداد.
- الديوەچی (١٩٦٤م)، مدارس الموصل فی العهد العثمانی، ط١، الموصل.
- رۆژبەيانی، محمد جميل (١٩٩٩م)، مدن كرديه قديمه تاريخها- جغرافيتها- رجالها وانباۆها، ط١، وزاره الثقافه- المديريه العامه للطباعه والنشر، دهوك.
- رؤوف، عماد عبدالسلام (٢٠٠٨م)، مراكز ثقافيه مغموره فی كردستان، ط٢، مؤسسة موكرياني، أربيل.
- العزاوی، عباس (٢٠٠٤م)، تاريخ العراق بين احتلالين (حكومة المغول)، ج١، ط١، مكتبة الحيدرية، بغداد.
- مستەفا، ئازاد (٢٠٢٣)، جامی یا ئاکرێ (دیرۆك- شوینوار- تۆپۆگرافیا، چ١، چاپخانەی پارێزگەها دهۆك، دهۆك.

**پێنجەم: گۆڤارەکان**

- عەبدوللا، جەمال (١٩٩٥ز)، بادەکا ئاکرێ، گۆڤارا دهوك، ژمارە (٣).

- سندى، ئەبو زەيد مستەفا (١٩٦١)، ئا كرێ، گۆڤارا رۆناهى، ژماره (٤).
- مەلا ياسين، حيكمەت (٢٠١٣ز)، خاندنگەها ئێكێ يا ئايينى ل ئاكرێ، گۆڤارا سيپه، ژماره ٤٣.
- عبدالكريم، قصي منصور (٢٠٠٨م)، وصف تحليلي لوثائق من الارشيف العثماني تخص مدينة عقرة في كردستان العراق، عدد (٣).
- خضر، اراس اسماعيل (٢٠١٧م)، دور البيوت التراثية فى تنمية السياحة بمدينة عقرة، مجلة قەلاى زانست العلمية، جامعة اللبنانية الفرنسية، مجلد (٢)، عدد (٣).

. . . . Sources:
First, the document
 Dalil al-Jama' al-Masajid al-Trathiyah al-Athriyah (1965), Sunni Endowment Office of Iraq, under the auspices of the Iraqi Ministry of Endowments.

Second, unpublished letters and meetings
 Al-Sikani, Mohammed Naji Ismail (2022), Principles of Selected Heritage in Real Estate Jurisdiction, Master's Thesis (Unpublished), Faculty of Archaeology, Mosul University, Mosul.
 Imam, Abdullah Ahmad Mohammed (2006), Rules of International Peace in Islamic Perspective, Master's Thesis (Unpublished), Imam Al-Awza'i University, Beirut.
 Sulaiman, Hunar Murad (2021), Strategy for the Protection of Archaeological and Cultural Areas in the Kurdistan Region, for example, Akre, Master's Thesis (unpublished), Salahaddin University, College of Arts, Erbil.
 Ali, Shvan Islam Ali (2023 AD), Akre during the Ottoman period 1842-1918, Master's thesis (unpublished), College of Arts, Salahaddin University, Erbil.
 Al-Gorani: Samir Mahw (2005), Quantifying GIS Information System for Commercial Applications in Aqra City, Master's Thesis (Unpublished), Faculty of Education, Mosul University, Mosul.
 Mullah Mohammed, occupation: teacher, preacher and reader of the Great Mosque of Akre, born in 1951 in Akre, visit date: 10/9/2
 Mohammed, Sakar Kamal (2011), Geographical Capabilities of Agricultural Activity Development in Akre District, Master's Thesis (unpublished), College of Arts, Salahaddin University, Erbil.
Third: Travelogue
 Baqir, Ta and Safar, Foad (1966), Al-Murshid Ali Muwaten al-Athar al-Hazara, Third Journey, Baghdad,
 Amir, Tahiya (2006), Journey of Taha al-Kurdi al-Balisani in Iraq, Syria, Anatolia, Egypt and the Hejaz, Vol. 3, Dar Mukriani, Erbil

Fourth: Books
 Tovi, Mossadegh and Badi, Ismail (2010), Leader of Duhok Province, Vol. 1, Erbil.
 Barzanji, Ahmad Sayed Ali (2004), All Works of Shakir Fatah, Book 3, First Edition, Awarehmani Haji Mahmood Printing House, Erbil.
 Ramazan, Jawhar Ali and Aziz, Kamal (2012), Akre in Investment Project, Vol. 1, Rojhelat Printing House, Erbil.

 Goran, Khusro (2004), Kurds in Mosul Province, vol. 1, Erbil.
 Gorani, Ali Saydo (2000), from Amman to Amedi, a journey to South Kurdistan, and: Talib Barzanji, vol. 1, Sulaimani,
 Ibn al-Athir, Mubarak ibn Muhammad ibn al-Athir al-Jazri (1982), Al-Kamil fi al-Tarikh, Vol. 8, Beirut.
 Abu al-Fada', Ismail ibn Ali (2007), Calendar of Countries, Vol. 1, Religious Culture Library, Cairo.
 Al-Omri, Shahab al-Din (1423 AH), Masalk. al-Absar fi Mamalk al-Amsar, Vol. 1, Vol.
 Al-Jalbi, Dawud (1927), Mosul Manuscripts, Vol. 1, Euphrates Printing House, Baghdad.
 Akrayi, Jambad Shukri Babkar (2008), Akra (Akra) in the Covenant of the Kings, Volume 1, Haji Hashim Printing House, Erbil.
 Hussein, Mohsen Mohammed (1976), Erbil in the Covenant of Atabak, Vol. 1, Al-Assad Printing House, Baghdad.
 Al-Diwachi (1964), Mosul Schools in the Ottoman Covenant, Vol. 1, Mosul.
 Rojbayani, Mohammed Jamil (1999), Ancient Kurdish City, Its History, Geography, Men and People, Vol. 1, Ministry of Culture, General Directorate of Printing and Publishing, Duhok.
 Rauf, Emad Abdulsalam (2008), Maghmure Cultural Centers in Kurdistan, Volume 2, Mukriani Foundation, Erbil.
 Al-Azawi, Abbas (2004), Tarikh al-Iraq bin Ihtalalin (Mongol Government), Vol.
 Mustafa, Azad (2023), Jami Ya Akre (History-Archaeology-Topography, Vol. 1, Duhok Provincial Printing House, Duhok.

Fifth: Magazines
 Abdullah, Jamal (1995), Badeka Akre, Duhok Magazine, No. (3).
 Sindhi, Abu Zaid Mustafa (1961), A Kre, Ronahi Magazine, No. (4).
 Mullah Yasin, Hikmet (2013), First Religious School in Akre, Sipa Magazine, No.
 Abdul Karim, Qusay Mansour (2008), Detailed Analytical Description of the Ottoman Archives Allocating the City of Aqra in Iraqi Kurdistan, No. (3).
 Khader, Aras Ismail (2017m), The Role of Heritage Houses in Tourism Development in Aqra City, Journal of Scientific Castle, French Lebanese University, Volume (2), Number (3).